# حوكمی فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی لەسەری نووسراوە فرۆشراو ناگۆڕدرێتەوە و وەرناگیرێتەوە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچوونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم بيع البضاعة التي عليها عبارة ( لا ترد ولا تستبدل )

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوکمی فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی لەسەری نووسراوە فرۆشراو ناگۆڕڕێتەوە و وەرناگیررێتەوە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس کراوە:

**پرسیار:** ئایا حوکمی ئەو جۆرە کڕین و فرۆشتنە چیە لە ئیسلامدا، کاتێك دەچیتە دوکانێکەوە نووسراوە: فرۆشراو ناگۆڕڕێتەوە و وەرناگیررێتەوە.

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

فرۆشتنی کاڵا بەو شێوەیەی کە بەهیچ شێوەیەك ناگۆڕڕێتەوە و وەریش ناگیررێتەوە، کارێکی دروست نییە، چونکە مەرجێکی نادروستە لەکڕین و فرۆشتندا، و زانایانی ئیسلام بە مەرجێکی باطل و پووچیان داناوە، چونکە خۆی لەخۆیدا ئەم مەرجە زۆر کردنە لە کڕیار بە ڕازی بوون بە کڕین و فرشتنێك کە ئەگەر ئەو کاڵایە عەیبداریش بێت کڕیار پێی ڕازی بێت، ئەمەش زیان گەیاندە بە کڕیار و زوڵم وستەم کردنە لێی، دانانی ئەم

مەرجەش لە لایەن فرۆشیارەوە هیچ لە نادروستی ئەو مامەڵەیە ناگۆڕێت ئەگەر هاتوو ئەو کاڵا فرۆشراوە عەیبدار بێت، چونکە ئەگەر هاتوو ئەو کاڵایە عەیبدار بوو، کڕیار بۆی هەیە بیگۆڕێتەوە بە کاڵایەکی تری بێ عەیب، لەبەر ئەوەی کڕیار بۆیە کاڵایەك دەکڕێت تاوەکو سوودی لێ ببینێت و بە شێوەیەکی ڕاست ودروست بەکاری بهێنێت، بەڵام ئەگەر هاتوو عەیبدار بوو ئەو مەبەستە بەدەست نایەت .

بەڵام دەبێت شتێك بخەینە ڕوو، ئەگەر هاتوو ئەو کاڵا فرۆشراوە، لەو جۆرە کاڵایانە بوو ئەگەر کڕیار تاقی کردەوە و پاشان بۆی دەرکەوت کە بۆی ناشێت، وەك جلوبەرگی ژێرەوەی پیاوان و ئافرەتان، لەم کاتەدا فرۆشیار بۆی هەیە مەرج لەسەر ئەم جۆرە کاڵایانە دابنێت، کە وەرناگیررێتەوە و ناشگۆڕێتەوە، چونکە پێدەچێت ئەو کەسەی کە ئەو جۆرە جلوبەرگانەی کڕیوە نەخۆشی پێستی هەبێت، یان بە لەبەرکردن و تاقی کردنەوەیان چڵکن و پیس ببن کە جارێکی تر کەسێکی تر ئەو جلوبەرگانە نەکڕێت، بۆیە لەم کاتەدا دەبێت ( عورفی خەڵکی ) لەبەرچاو بگیرێت، کە نابێت ئەو جۆرە جلوبەرگانە وەربگیرێتەوە .

خوای گەورەش زاناترە .